**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٩/٤/ ٤٨ لە ١/٧/ ٢٠١٦**

بەپێی ماددەی ( ٢ ) لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ دوا بە دوای هەردوو ڕێنمایان ژمارە (٣٠ و ٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ خەرج کردنی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران لە کاتی شاند و سەفەری ناوەوە پەیڕەوی ئەم ڕێنماییە دەکرێت کە سەرجەم فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی و سەربازیش دەگرێتەوە:-

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٦

**یەکەم : پۆلینەکان :-**

**پۆلینی یەکەم :** وەزیر و ئەوانەی لەو پلەیەدان گروپی (A) .

**پۆلینی دووەم :** بریکاری وەزارەت و خاوەن پلە تایبەتی یەکان گروپی (B) .

**پۆلینی سێیەم:** فەرمانبەران و هێزی ئاسایشی ناوخۆ پلەی (یەکەم و دووەم و سێیەم) دەگرێتەوە بەپێی پلەکانی سیستەمی نوێی مووچە .

**پۆلینی چوارەم :** فەرمانبەران و هێزی ئاسایشی ناوخۆ پلەی (چوارەم و بەرەوخوارەوە) دەگرێتەوە بەپێی پلەکانی سیستەمی نوێی مووچە .

**دووەم : کرێی گواستنەوە :-**

**پۆلینی یەکەم :** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**پۆلینی دووەم :** کرێی ئۆتۆمبێلێکی تەواو بۆ چوون و گەڕانەوە .

**پۆلینی سێیەم:** کرێی سێ کورسی ئۆتۆمبێل بۆ چوون و گەڕانەوە .

**پۆلینی چوارەم:** کرێی دوو کورسی ئۆتۆمبێل بۆ چوون و گەڕانەوە بۆ پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەگەڵ نەقیب و ئەفسەرەکان و یەك کورسی بۆ پلەکانی خوارتر .

**سێیەم :**

**١- دەرماڵەی نیشتەجێ بوون : -**

**بۆ پۆلینی یەکەم:** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن

**بۆ پۆلینی دووەم:** تا بڕی (١٢٠ ٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێی پسوولە .

**بۆ پۆلینی سێیەم:** تا بڕی (٥٠ ٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێی پسوولە .

**بۆ پۆلینی چوارەم:** تا بڕی (٣٥ ٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار بۆیان خەرج دەکرێت بەپێی پسوولە .

**٢- دەرماڵەی خواردن و گیرفان : -**

**بۆ پۆلینی یەکەم:** گەنجینە هەموو خەرجییەکانی دەگرێتە ئەستۆ پشت بەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش دەکرێن

**بۆ پۆلینی دووەم :**خواردن بە پێی پسوولە + (٣٠ ٠٠٠) سی هەزار دینار گیرفان .

**بۆ پۆلینی سێیەم :** خواردن بەپێی پسووله و تاکو بڕی (١٠ ٠٠٠) ده هەزار دینار + بڕی (٢٠ ٠٠٠) بیست هەزار دینار گیرفان .

**بۆ پۆلینی چوارەم:** خواردن بەپێی پسووله و تاکو بڕی (٨ ٠٠٠) هەشت هەزار دینار + بڕی (١٥ ٠٠٠) پانزه هەزار دینار گیرفان .

**چوارەم: ڕێسا گشتی یەکان :-**

١- دەبێ فەرمانی وەزاری یان کارگێری پێش وەخت دەربچێ بۆ ئەو ئیفادکردنە و جۆری کارەکەی تێدا دیاری بکرێ جگە لەو حاڵەتانەی لە ناکاو دروست دەبێت .

٢- دەبێ ڕۆژانی ئیفادکردنەکە پێش وەخت دیاری بکرێ کە بۆ چەند ڕۆژ ئیفادکراوە جگە لەو حاڵەتانەی ناکرێت دیاری بکرێت .

٣- ئەو فەرمانبەرەی کە ئیفاددەکرێ بۆ کارێکی پێویست هەر هەمان ڕۆژیش دەگەرێتەوە دەبێ تەنها دەرماڵەی گیرفان و خواردنی بۆ خەرج بکرێ کە لە خاڵی (٢)ی بڕگەی سێیەم هاتووە لەگەڵ کرێی ئۆتۆمبێل بۆ دووسەر ، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمبێلی میری بەکار هێنا ئەوا کرێی ئۆتۆمبێلی بۆ خەرج ناکرێ .

٤- ئەوانەی کە ئیفاد دەکرێن تاکو دووری (٦٠) کم لە سنووری کارکردنی خۆیان (لە هەمان ڕۆژ بگەرێتەوە یان نەگەرێتەوە) تەنها نیوەی دەرماڵەی خواردن و گیرفانیان بۆ خەرج دەکرێت.

٥- ئەو فەرمانبەرەی کە ئیفاد دەکرێ بۆی هەیە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێ و هەمان کرێی کە لە سەرەوە هاتووە بۆی خەرج بکرێت .

٦- بۆ فەرمانبەرانی پۆلینەکانی خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە کە ئۆتۆمبێلی میرییان لە ئەستۆدایە ، نابێت ئۆتۆمبێلی تایبەتی بەکار بهێنن و بە پێچەوانەوە کرێی گواستنەوەیان بۆ خەرج ناکرێت.

٧- ئەو فەرامانبەرانەی کە ئۆتۆمبێلی میری بەکار دێنین لە کاتی شاند و سەفەریان کرێی گواستنەوەیان بۆ خەرج ناکرێت .

٨- ئەگەر ئەو کەسەی کە ئیفاد دەکرێ لەگەڵ خۆیدا پێداویستی و شتی میریی بگوازێتەوە پارەی گواستنەوەی بۆ خەرج دەکرێت .

٩- دەبێ لەسەر نێردراو (الموفد) گشت لیستەکانی تایبەت بە خەرج کردنی دەرماڵە پێشکەش بکات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بەرواری دەست بەکاربوونی لە کارەکەی و ڕێژەی (٢٥٪) لەو کرێیانە کەم دەکرێتەوە ئەگەر دواکەوت لە پێشکەش کردنیان تا ماوەی (٣٠) ڕۆژ و هەروەها کەمکردنەوەی ڕێژەی (٥٠٪) لە بڕی لیست کە پێشکەشی دەکات دوای ماوەی (٣٠) ڕۆژ ، ئەگەر لە دوای دوو مانگ پێشکەش کرا و هۆی ڕەوای لەگەڵدا نەبێت خەرج ناکرێت بەڵام وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕەزامەندی بدات لە سەر خەرج کردنی ئەگەر پاساوی یاسایی هەبێت .

١٠- بۆ ئەوانەش کە بەشداری دەکەن لە خول یان هەر کارێکی تر کەوا دەخوازێت بمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی درێژ تاکو ماوەی (١٠) رۆژ بەپێی ئەم رێنماییە شایستە داراییەکانیان بۆ هەژمار بکرێت و بۆ زیاتر لەم ماوەیە پێویستە رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە .

١١- نابێت هیچ فەرمانبەرێکی گرێبەست ئیفاد بکرێت بۆ ئەو کارانەی کە پابەندبوونی یاسایی و کارگێری و دارایی لێ دەکەوێتەوە و بە پێچەوانەوە هیچ خەرجییەك نایگرێتەوە .

١٢- بۆ خەرج کردنی کرێی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو شوێنانەی کە دوورن ( النائية ) و ئوتێلی تیدا نیە ، شایستە داراییەکانیان بۆ خەرج دەکرێت بەپێی پسوولە یان بەپێی پشتگیری پەسەندکراو لە لایەن سەرۆکی یەکە کارگێرییەوە و بەپێی پلەکانیان و بە رێژەی (٥٠٪) دەرماڵەی نیشتەجێ بوونیان بۆ خەرج دەکرێت .

١٣- کار بە هیچ رێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت تایبەت بەم بابەتە .

١٤- کار بەم رێنماییە دەکرێت لە بەرواری ٢٠١٦/١/١.

**رابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**